# دۆسێی ئەتۆمیی ئێران ڕوو لە کوێ دەکات ؟

## ئایا پێداگرتنی ئێران گورزی سەربازیی لە دواوە دەبێت ؟ !!

**عارف کەریم ـ ستۆکهۆڵم**

لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ( 1979 ) و گەڕانەوەی ئیمام خومەینی لە پاریسەوە بۆ تاران و شاربەدەرکردنی شاـ ی ئێران ـ حەمە ڕەزا پەهلەوی ـ و دەست بەسەراگرتنی سەفارەتی ئەمەریکا لە تاران ، ئێران پێی نایە قۆناخێکی سیاسی نوێ وە ، قۆناخی هەڵتەکاندنی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵ و دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی شیعە مەزەب لە ناوچەکەدا و بەرزکردنەوەی دروشمی جۆراوجۆری وەکوو ( نە شەیتانی گەورە و نە شەیتانی بچووک ، نە ڕۆژهەڵات و نە ڕۆژئاوا و گەلێکیتر ) کە مەبەست لەمانە ئەمەریکاو سۆڤیتی جاران بوو ، هەروەها بچڕاندنی پەیوەندییە دیپلۆماسی و بازرگانییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمەریکادا و هەڕەشەکردن لە میر و شانشینەکانی دەوڵەتانی کەنداو و ناوزەدکردنیان بە نۆکەر و ئەلقە لە گوێی بێگانە و دواتریش ناردنە دەرەوەی بیروباوەڕەکانی ئیسلام بە مەبەستی بەرپاکردنی شۆڕشی ئیسلامیی وەکوو ئەوەی خۆیان لە شوێن و ناوچەی ترو هاوکاری و پشتگیریکردنی ڕێکخراو و حزب و دەوڵەتانی تر لە ناوچەکەدا ، لەوانەی لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندوتیژو بەردەوامدابوون لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمەریکادا ، بەتایبەتی لە وڵاتانی سوریا و لوبنان و فەلەستین و ئەوەبوو دەستبەجێ باڵوێزخانەکیان کردەوە لە تاران ـ ی پایتەخت بۆ فەلەستینییەکان بەناوی باڵوێزخانەی فەلەستینەوە .

ئەوکاتانەی ئێران ڕووی سیاسی خۆی ئاشکراکردو کەوتە دوژمنایەتیکردنی ئەمەریکاو دەوڵەتانی عەرەب لە کەنداو ، ئالەوکاتانەدا سەرۆکی ئەوسای عێراق سەددام حسێن کە پێشتر لەساڵی 1975 دا ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ شای ئێراندا مۆر کردبوو لە جەزائیر و کڕنووشی بۆ بردبوو ، خۆی هەڵگرتبوو ببێتە شۆڕەسواری عەرەب و لە مەغریبەوە هەتا کەنارەکانی دەریای کەنداو خۆی ڕەهبەری بێت ، تووشی لووتبەرزی و خۆبەزلزانێکی بێئەندازە بوو بوو ، بەتەمابوو جێی شای ئێران بگرێتەوە لە ناوچەکەدا و خۆی جڵەوی سەرکردایەتی بگرێتە دەست ، لە ڕێکەوتننامەکەی جەزائیر پەشیمان بووەوە و دواتر بە فیتی ئەمەریکاو دەوڵەتانی کەنداو ، ( بەتایبەتی سعودیە ) جەنگێکی 8 ساڵەیان بۆ سازکرد و بەریاندایە کۆماری ئیسلامی ئێرانی تازە لەدایکبوو و هەرچی چەک و تفاقی جەنگیی و تەقەمەنی دنیا هەبوو لە سەری ئەماندا تاقی و ساخیانکردەوە و دواتریش لەدوای پساندنی هەردولا ، جەنگەکەیان پێراگرتن و پاش زەرەروزیانێکی ماڵیی و گیانیی زۆر ، بەرامبەر بە هیچ لێی هاتنەدەرەوە .

لەپاش ئەو هەموو ماڵوێرانییە ، هێشتا سەرکردایەتی سیاسی ئێران ڕێبازی سیاسی خۆی نەگۆڕیوە لە دژی ئەمەریکا و ئیسرائیل و چی لەدەست هاتبێ بۆ دژایەتیکردنی ئەوان کردویەتی و ساڵانە ملیۆنەها دۆلار خەرجدەکات لەوپێناوەدا و بە ئاشکرا پشتگیریدەکات لە ڕێکخراوەکانی ( حەماس ، جیهاد ، حزبوڵڵا ) . لەپاڵ ئەمانەشدا ناوبەناو بیر لەوە دەکەنەوە هانگاوێک بچنە پێشەوە و لە ئەمەریکا نزیک ببنەوە و پەیوەندییە دیپلۆماسی و بازرگانییەکانی خۆیانی لەگەڵدا گرێ بدەنەوە ، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوان ئیسرائیل و جولەکەیان قەبوڵ نییە و بە ناکۆکی سەرەکی خۆیانی دەزانن ، بەم هۆیەوە کارێکی وەهایان کردووە کە ئەمەریکا نەفرەتیان لێبکات و نزیکبوونەوەی ئەوانی قەبووڵ نەبێت بە بێ دانانان

به ئیسرائیلدا ، هەرلەبەرئەوە لە ڕۆژی وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن ئاخوندەکانەوە ( مەلای شیعە ) ئێران بۆتە دەوڵەتێکی ناحەزی دەستنیشانکراو لای ئەمەریکا و ئیسرائیل ، بەتایبەتی لەم دواییەدا پاش ئەوەی دەستەکەیان کەوتە ڕوو سەبارەت بە بوونی تەکنۆلۆژیای ئەتۆمیی و پیتاندنی یۆرانیۆم بە شێوەیەکی نهێنی لە چەند ناوچەی جیاوازدا کە ڕوسیای لەدواوەیە .
مەسەلەی پیتاندنی یۆرانیۆم و هەوڵدان بۆ درووستکردنی چەکی ئەتۆمیی کە ناوەڕۆکی بابەتەکەمانە ، کێشەیەکی گەورەی نێودەوڵەتی لێکەوتۆتەوە و زۆر لە دەوڵەتانی دنیای هەژاندووە و سەرنجی زلـــهێزەکانی دنیای بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە ، ئەمەریکاو ئیسرائیل و دەوڵەتانی ئەورووپاو کەنداو نیگەرانن لەوەی ئێران ببێتە دەوڵەتێکی ئەتۆمیی لەناوچەکەدا و هەڕەشەبکات لەوان و باری ئارامیی و ئاسایشی دنیاش تێکبدات و وەکوو زلـــهێزێکی ئەتۆمیی ڕەفتاربکات و لەو ڕێگایەوە پێدابگرێت لەسەر ئەوداوایانەی بەلای ئەوانیترەوە قەبووڵ نییە بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کێشەی فەلەستین و ڕزگارکردنی قودس و گەلی فەلەستینەوە هەیە ، هەروەها ژمارەیەکی تر لەو کێشانەی پەیوەندی بە دەوڵەتانی ئیقلیمی ترەوە هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا .
دۆسێی ئەتۆمیی ئێران کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کردووە بە چەند بەشێکەوە ، هەر بەشە کەزیاتر لە دەوڵەتێک لەخۆدەگرێت ، ڕووبەڕووی جۆرێک لە مشتومڕو ناکۆکی و ململانێ بۆتەوە لەگەڵ ئەمەریکادا کە دەیانەوێ حسابیان بۆبکرێت و بەشێوەیەکی مەنتیقی مامەڵەیان لەگەڵدابکرێت بۆئەوەی لەدوایین جاردا بەلاداخستنی کێشەکە بەتەنها نەڕژێتە بەرژەوەندی ئەمەریکاوە و ئەنجامەکانی وەکوو کۆتایی هێنان بە داگیرکردنی کوێت و ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا نەبێت کە ژمارەیەک لە دەوڵەتان لە سەرئێشەو شەڕوگێچەڵ و کێشەی ئابووری بەولاوە هیچی تریان بۆ نەمایەوە ، لەبەر ئەوە ئەمڕۆ دەوڵەتانی پەیوەندیدار بەم مەسەلەیە نایانەوێ وەکوو دوێنێ بکەن لەگەڵ ئەمەریکادا و بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە پێش ئەوەی بڕیاربدەن هاوکاری بکەن لەگەڵ ئەودا دژی ئێران . وڵاتەکانی چین و ڕوسیا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و فراوانی ئابووری و بازرگانییان هەیە لەگەڵ ئێراندا ، چین یەکێکە لەو وڵاتانەی نەوتێکی زۆر لە ئێران دەکڕێت و پشتی پێدەبەستێ بۆ بەرهەم هێنانی وزە لە لەوڵاتەکەیدا ، جگە لە وەبەرهێنانی پرۆژەی گەورە گەورە و پەیوەندی بازرگانی نێوان هەردولاو ساخکردنەوەی کەلوپەل و بەرهەمە پیشەسازییەکانیان لەبازارەکانی ئێراندا کە تێکڕای ئەمانە بە ملیارەها دۆلار مەزەندە دەکرێت .
ڕوسیاش لە کۆنەوە ( زیاتر لە ناوەڕاستی 1990) ە وە پەیوەندییەکی ئابووری فراوانی لەگەڵ ئێراندا هەیە ، بەشێکی زۆر لە سیستمی سەربازی ئێران ( چەک و تەقەمەنی و تفاقی جەنگیی ) پشت بە ڕوسیا دەبەستێت ، ئەمە جگە لە بنیاتنانی دەیان ناوەندی ئابووری و کارگە و فابریک کە بەشێکی گرنگ لە ژێرخانی کۆمەڵی ئێران پێکدێنێ ، جگەلەمانە تەکنۆلۆژیای ئەتۆم و بیناکردنی کوورە ئەتۆمییەکانی ئێران ، لەیەکەم ڕۆژەوە لەژێر چاودێری و بەسەرپەرشتی دەوڵەتی ڕوسیا بەڕێوەدەچێت . ئەمانە تێکڕا قەوارەیەکی ئابوری و بازرگانی گەورە پێکدێنن کە هەردو وڵاتی ڕوسیاو ئێران پێکەوە دەبەستێتەوە ، جگەلامانە ئێران سنوورێکی فراوانی گەورەی هەیە لەگەڵ قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بۆ ڕوسەکان ئەهمیەتی جیۆپۆلیتیکی خۆی هەیە .
ژمارەیەکی تر لەو دەوڵەتانەی سەرقاڵی دۆسێ ئەتۆمییەکەی ئێرانن ، دەوڵەتانی ئەورووپایە ، بەتایبەتی ئەوانەی ئەندامی هەمیشەیین لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ، وەکوو فەرەنسا و ئینگلستان کە ئاڵەمانیشیان لەگەڵدایە ، ئەگەرچی ئەو ئەندام نییە و هەرسێ لایان بەهاوکاری ئەمەریکا

دەیانەوێ فشار بخەنەسەر ئێران لە ڕێگای ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ وزەی ئەتۆم ویەکێتی ئەوروپاوە بۆ ئەوەی ئێران ناچاربکەن دەستهەڵگرێ لە پیتاندنی یۆرانیۆم . ئەم سێ دەوڵەتە پەیوەندییان باشە لەگەڵ ئەمەریکادا و پشتگیری لەودەکەن ، ئەگەرچی فەرەنسا لە مێژەوە زۆرانبازییەکی دەستپێکردووە لەگەڵ ئەمەریکادا و دەیەوێ لە بازنەی ئەو بچێتە دەرەوە و ئەوروپایش بەلای خۆیدا ڕابکێشێت ، بەڵام هەتا ئێستا بۆی نەچۆتەسەر . ئەمانە تێکڕا دۆستایەتی و پەیوەندییەکی کۆنی ستراتیژییان هەیە لەگەڵ ئەمەریکادا و نایانەوێ وەکوو چین و روس بکەن و زیاتر خۆیان بەستۆتەوە بە نەخشەوپیلانەکانی ئەمەریکاوە لەدنیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، بەڵام بەومانایەش نا کە ناکۆکی لە نێوانیاندا نییە .

تاقمی سێیەم کەسەرقاڵی چالاکییە دیپلۆماسییەکان و هەڵچوون و داچوونی ئێرانییەکانن و دەیانەوێ بە هەر نرخێک بێت شەڕەکە لە خۆیان دووربخەنەوە ، دەوڵەتە عەرەبییەکانی کەنداوە کە کەوتوونەتە نێوان بەرداشی ئەمەریکا و ئێرانەوە ، ئەمانە لەمێژەوە سیاسەتێکی نەرم ونیان و مام ناوەندییان هەبووە بەرامبەر بە کێشە نێودەوڵەتییەکان ، زیاتر ئەوانەی پەیوەندییان بە ململانێ و ناکۆکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبووە و هەرچەند ڕەشەبا یان گێژەڵۆکەیەکی سیاسی هەڵیکردبێ ، ئەمان خێرا خۆیان لێلاداوە و بەسەلامەتی لێی دەربازبوون ، خەلیجییەکان بە ناچاری دوو ڕێگایان گرتۆتەبەر ، یەکێکیان بەهۆی ئەوەی ترسی ئێرانیان لێنیشتووە ، نیگەرانن ڕۆژێک لەڕۆژان ئەمەریکا دەست لە ئێران بوەشێنێ و شەڕەکە بخاتە خاکی ئەمانەوە و تووشیماڵوێرانی و زەرەروزیانی زۆریان بکات ، بۆیە بەناچاری و بە بەردەوامیی شاندی ئەوان بەرێی تارانەوەیە بەمەبەستی ئاڵوگۆرکردنی بیروڕا سەبارەت بەبارودۆخی ناوچەکە و لەو قسانەدەکەن کە خێری ئێرانی تێدایە وەکوو ئەوەی هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە ئێران چەکی ئەتۆمیی هەبێت ، لەبەرئەوە تەکنۆلۆژیای ئەتۆمیی بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانە هەقێکی شەرعی هەموو دەوڵەتێکە . لەلایەکیتریشەوە لە پەیوەندییەکی بەردەوامدان لەگەڵ ئەمەریکادا و پێیان باشە مەسەلەکە بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە و دیپلۆماسیانە چارەسەربکرێت ، لەهەمان کاتدا پیتاندنی یۆرانیۆم بەمەستی دروستکردنی چەکی ئەتۆمیی مەحکوم دەکەن . بێگومان وڵاتانی خەلیج سەرچاوەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی نەوتن لەهەموو دنیادا و کاریگەرییەکی گرنگیان هەیە لەسەر بازاری ئەمەریکا و ئەوروپا ، هەروەها لە بەرهەمهێنانی وزە لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا .

سەرکردایەتی سیاسی ئێران بەباشی لەم ڕاستییانەی سەرەوەگەیشتووە و دەزانێ ناکۆکی و ململانێی زۆر هەیە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیداو بەرژەوەندییەکان بریاردەدەن نەک سیاسەتی یەکجەمسەری ئەمەریکا و زۆریشی پێدەچێ هەتا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ملدەنێن بۆ داواو خواستەکانی ئەمەریکا سەبارەت بە پابەندکردنی ئێران بە بریارە نێودەوڵەتییەکانەوە یاخود بەپێچەوانەوە ، سزادانی ئەو ، سزادانێکی ئابوری یان سەربازی .

ئێرانیەکان توانیویانە جێی خۆیان بکەنەوە لەناو ناکۆکی و ململانێکانی روسیا و ئەمەریکادا و بەو پێیە درێژە بە گەمە سیاسییەکانی خۆیان دەدەن و بە دوو شێواز ڕووبەڕووی ئەمەریکا دەبنەوەو دێنە مەیدان ، یەکەمیان چالاکییە دیپلۆماسییەکانی ئەوانە شانبەشانی سکاڵا و گلەیی و بۆڵەبۆڵ و قسەی نەرم ونیان و نامە نووسین بۆ سەرۆکی ئەمەریکا و ناوبەناویش بادەدەنەوە بەلای ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ وزەی ئەتۆم و داوایان لێدەکەن کە درێژەبدەن بە پشکنینی کوورە ئەتۆمییەکانی ئەوان و ڕێگە لەئەمەریکا بگرن و نەهێڵن دەست لەکارەکان وەربدات ، ئەمە لە کاتێکدا ئەوان تادوێنێ ڕێگربوون و پشکنەرەکانیان

هەموو دەرکرد لە خاکی ئێران !! . سەرکردایەتی سیاسی ئێران ئەنجامدانی کارە دیپلۆماسییەکانیان لەناوخۆیاندا دابەشکردووە گوایا بۆ ئەوەی سەر لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تێکبدەن و ڕاستییەکان بشارنەوە ! و هەرجارەی بەرپرسێکی گەورە شتێک دەڵێت و لەهەڵوێستی ڕەسمی ناچێت ، جارێک ڕیشسپی و سەرکردەی باڵا عەلی خامنەئی یان هاشم ڕەفسەنجانی و جارێکیتر سەرۆکی کۆمار مەحمود ئەحمەدی نەژاد و عەلی لاریجانی ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و لەجارێکیتردا وەزیری دەرەوەیان موتەقی مەنوشەهر یان گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوە حەمید ڕەزا ئاسەفی و ....تاد لەڕاستیدا ئەگەر ئێرانییەکان تا دوێنێ توانیبێتیان دەرفەتەکان بەباشی بقۆزنەوە و بەکاری بهێنن بۆ بەرژەوەندی خۆیان ، وەکووو ئەوەی کردیان لەکاتێکدا ئەمەریکا هێرشی سەربازی کردە سەر ئەفغانستان و عێراق و خۆیان تێهەڵنەقورتاند و خەریکی خۆچەکدارکردن و خۆبەهێزکردنی خۆیان بوون ، ئەگەر تادوێنێ توانیێتیان گەمەیەکی سیاسی باش بکەن و کارەکان بەباشی ئەنجام بدەن ، بەڵام کەکار گەیشتە بریارەنێودەوڵەتێکان بۆ ڕاگرتنی ئێران و دیاریکردنی سنوورێک بۆ ئەوان ، ئیتر ئەوسا هەموو گەمە سیاسییەکان دەبنە گاڵتەجاری و کەس گوێیان بۆ ناگرێت!!.

شێوازی دووەمی کارکردنی ئێرانیەکان ، خۆگێفکردنەوەو پەنابردنە بەر هەڕەشەو گوڕەشەو بەکارهێنانی وشەی ڕەشە کە ئەمەریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لێی بێزارە و بەکارێکی ساویلکانەوشێتگیرانەی لەقەڵەم دەدەن ، بە تایبەتی ئەوکاتانەی باسی لەناوبردنی جوولەکە و کاولکردنی ئیسرائیل دەکەن و هەڕەشە لە لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەکەن لەهەر شوێنێکی دنیا ئەگەر هێرش بکرێتە سەریان ، هەڕەشەدەکەن بچنەدەرەوە لە پەیمانی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمیی MPT

و لە کەشتییە گەورەکانی کەنداو دەدەن بۆ گواستنەوەی نەوت و گەرووی هورمز دادەخەن بەڕووی کەشتییە گەورەکاندا و .....تاد ئەمە لەکاتێکدا خۆیان چاک دەزانن کە هەندێ هەڕەشە هەیە باجەکەی زۆر قورسەو دەکەوێ لەسەریان !! .

ئەوەندەی پەیوەندی بە شێوازی دیپلۆماسی و ڕێگەچارەی ئاشتیخوازانەوە هەبێ ، ئێرانییەکان جارێ هەتائێستا پێیان داگرتووە و چەند قۆناخێکیان تێپەڕاندووە و بەبێوەی لێی دەربازبوون و ملیان نەناوە بۆ تکاو رجاو پێشنیارە نێودەوڵەتییەکان و هەڕەشەکانی ئەمەریکا لەڕێگەی سەرۆک بۆش و وەزیری دەرەوەو بەرگری ( کۆندەلیزاڕایس و ڕامسفێلد ) هەروەها جون بولتۆن ـ ی باڵوێزی ئەمەریکا لە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی سەبارەت بە ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم . دیسان گوێشیان نەداوە بەو پرسیارانەی ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ وزەی ئەتۆم لەوانی کردو بێ وەڵام مایەوە .

دیارە سەرکردایەتی سیاسی ئێران لەم گەمە سیاسییەدا پشتی بە ڕوسیا و چین بەستووە و لە بنچینەشدا ململانێکە هی ڕوسیاو ئەمەریکایە و ئێرانیان تێوەگلاندووە و بەرەوڕووی ئەمەریکان کردۆتەوە هەتا ئەو جێیەی پێویست بکات ، ئەگەنا ئەوە ئێران نییە بتوانێ چاو سووربکاتەوە لە ئەمەریکاو ئیسرائیل و وڵاتانیتر .

بەپێی دەمودامانی بەرپرسەگەورەکانی ئێران بێ ، تەکنۆلۆژیای ئەتۆمیی هەقێکی شەرعی میللەتان و دەوڵەتانی دنیایە و ئەوان بەمەبەستی پرۆژەی خزمەتگوزاری و بەرنامەی ئاشتیخوازانە کوورە ئەتۆمێکانیان خستۆتەگەڕ و نیازیان دروستکردنی چەکی کۆکوژی و ئەتۆمیی نییە ، لەبەرئەوە ڕێگانادەن ئەمەریکاو ئەوانیتر دەست وەربدەن لە کاروباری وڵاتەکەیان ، ئەوان دەڵێن : ئەگەر خراپە ئەی بۆچی ئەمەریکا هەیبێ و ئەگەر باشیشە بۆچی ئێران نەیبێ ؟ . ناوبەناویش وڵاتانی وەکوو

ئیسرائیل ، پاکستان ، هیندستان بە نموونە دێننەوە کە خاوەنی چەکی ئەتۆمیین و کەسیش هەقی بەسەریانەوە نییە و لێیان ناپرسنەوە .
وەڵامی ئەمەریکا بۆ ئەم قسە و پرسیارانە ئەوەیە کە ڕژێمی ئێران ڕژێمێکی کۆنەپەرستی کەم وێنەیە و دژی هەموو جۆرە پێشکەوتن و گەشەکردنێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە و ماوەی 27 ساڵە میللەت بەرەو سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست دەگێڕێتەوە و دژی گلۆبالیزم و دیموکراتی و مافی مرۆڤە و پشتگیری لە تیرۆر دەکات و ڕێکخراوەکانی حەماس و جیهاد و حزبوللا پڕ چەک و پارە دەکات و هانیاندەدات دژی ئیسرائیل ، لەبەرئەوە بڕوایان پێناکرێت و گەرەنتی ئەوەش نییە کە ئەوان ڕاست دەکەن و پیتاندنی یۆرانیۆم بە مەبەستی بەرهەمهێنانی وزەی کارەباو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بەکاردێنن ، ئەمەلەلایەک و لەلایەکی ترەوە ئیسرائیل دەوڵەتی ئێران بە هەڕەشە دەزانێت لەسەر خۆی و نایەوێ ببێتە دەوڵەتێکی ئەتۆمیی لەناوچەکەدا و مۆنۆپۆلی ئیسرائیل بشکێنێ لە چەکی ئەتۆمییدا .
لەدرێژەی هەوڵە دیپلۆماسییەکاندا ئێران ناوبەناو نەرمونیانی پیشاندەدات وشاندونوێنەرانی خۆی دەنێرێتە دەرەوەی وڵات و ئەوە دووپاتدەکاتەوە
کە تەکنۆلۆژیای ئەوان بەمەبەستی ئاشتیخوازانەیە و ئیستکباری عالەمی ( ئەمەریکا ) درۆدەکەن و ئەوە ئەوانە شەڕیان دەوێ و شەڕخوازن و دەیانەوێ خۆیان فەرزبکەن بەسەر ئەوان و میللەتانی دنیادا و وەکوو عێراق و ئەفغانستان لە ئێران بکەن ، ناوبەناو ئامادەیی خۆیان پیشاندەدەن کە پرۆتۆکۆلی تایبەت مۆربکەن ئەگەر دۆسێکەیان لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بهێنرێتەدەرەوەو بەرەوڕوی ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ وزەی ئەتۆم بکرێتەوە و واز لە پەنابردنەبەر بڕگەی 7 لە ڕێککەوتننامەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بهێنن ، ئیتر ئەوسا هەموو جۆرە هاوکارییەک لەگەڵ ئەواندا دەکەن . لەلایەکی ترەوە گلەیی و گازندە لە سەرۆک بۆش دەکەن کە وەڵامی نامەکەی ئەحمەدی نەژاد ـ یان نەداوەتەوە کە لە نامەی مەلایەک بۆ فەقێکانی دەچێت و بەلای مەسەلەگرنگەکانی وەکوو ( پیتاندنی یۆرانیۆم و تیرۆرو دیموکراتی و مافی مرۆڤ ) دا نەچووە کەبەکێشەی سەردەم لەقەڵەم دەدرێت و بەلای ڕۆژئاواوە بایەخی تایبەتییان هەیە . دیسان نامەکە لەکەفوکوڵی سەرکردایەتی ئێرانی کەم نەکردۆتەوەو ئەمەریکاش وەڵامی نەداوەتەوە .
بەم کردارانە ئێرانییەکان سیاسەتێکی دوولایەنە پیادەدەکەن و دەیانەوێ کات بەرنەسەر و پەلەبکەن لە پیتاندنی یۆرانیۆم و گەیشتن بە درووستکردنی چەکی ئەتۆمیی کە بەلای ئەوانەوە دەستکەوتێکی نیشتمانی یەکجار گەورەیە و دەتوانن بەلایەنی کەمەوە ببنە کەڵەگایەکی نوێ لەناوچەکەدا و هەڕەشە لە دەوڵەتانی کەنداو و ئیسرائیل بکەن .
بەرامبەر بە چالاکیی و هەوڵوتەقەلا دیپلۆماسییەکانی ئێران ، کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش لەهاوڵدانێکی چڕوپڕی دیپلۆماسیدایە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی مامناوەندی و ڕازیکردنی ئێران بە دەستهەڵگرتن لە پیتاندنی یۆرانیۆم بەرامبەر بە چەند دەستکەوتێکی ئابووری بۆ ئێران کە یەکێتی ئەوروپا پێی هەڵدەستێ ، لەناو ئەوانە پێدانی تەکنۆلۆژیای ئەتۆمی نوێیە بە ئێران کە پێویستی بە پیتاندنی یۆرانیۆم نییە ، چونکە زووتر ئەوەیان بۆ ئێران ڕوونکردبۆوە ئەگەر بەرنامەکەیان ئاشتیخوازانەیە با ڕێگەبدەن بە سەرپەرشتی پسپۆرە نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەبچێت ، یان ئەگەر هەر سوورن لەسەر پیتاندنی یۆرانیۆم با لە ڕوسیا ئەنجام بدرێت و ئاوبکەین بەئاگرداو لەکەلی شەیتان بێنە خوارەوە ، کەچی سەرکردایەتی سیاسی ئێران هەتا ئێستا هەموو ئەو داواو پێشنیارانەیان رەتکردۆتەوە و سوورن لەسەر چالاکییە ئەتۆمییەکانی خۆیان و پیتاندنی یۆرانیۆم کە واچاوەڕواندەکرێت لەماوەی دووساڵ

یان کەمتر لەدووساڵ بۆمبای ئەتۆمیی لێ درووستبکرێت . بەشێکیتر لەهەوڵە دیپلۆماسییەکانی ئەمەریکا ئەوەیە کە مۆڵەتی زیاتر بدرێتە ئێران بۆ ئەوەی بەخۆیدا بچێتەوە و واز لە پیتاندنی یۆرانیۆم بهێنێ و ڕێگایەکی باشتر هەڵبژێرێ بۆ خۆی ، لەهەمانکاتدا ئەوەیان ڕوونکردۆتەوەو ڕاگەیاندووە کە هیچیان بەرامبەر بە گەلی ئێران نییە .

**پێشبینییەکان و ئاکامەکان**

دۆسێی ئەتۆمیی ئێران هەراوزەنای زۆری لێکەوتۆتەوە و لە چەند قۆڵێکەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خەریک کردووە و خەریکە پێدەنێتە قۆناخێکی نوێـوەو ئیتر لەوێوە دەبێ هەنگاوبنرێ بۆ بەلاداخستنی کێشەکە . کۆی قسەوباس و هەوڵوتەقەلاو ململامێ و هەڕەشەکان لە 3 خاڵی گرنگدا کۆدەبێتەوە و لە دوایین جاردا دەبێ یەکێکیان هەڵبژێردرێ :

یەکەم / کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە دەستپێشخەری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی گوتاری سیاسی خۆیان یەکخەن و فشار بۆ ئێران بەرن و وریای بکەنەوە بە ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم و ناچاریبکەن بریارو پێشنیارە نێودەوڵەتییەکان قەبووڵ بکات و دەرگای سازشی بەڕوودا دابخەن . بێگومان کەدەوترێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە پێشانا مەبەست زلـهێزەکانی وەکوو ئەمەریکا و ڕوسیاو چینە کەململانێیەکی سەخت دەکەن لەسەر کێشەی ئەتۆمیی ئێران و جاری واهەیە کار دەگاتە چاوسوورکردنەوە لەیەکترو وەبیرهێنانەوەی ڕۆژەکانی جەنگی سارد و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی نفوز لە جیهاندا و ....تاد

لەم حاڵەتەدا ئێران بۆی ڕووندەبێتەوە کە بە تەنها ماوەتەوە و هیچی پێناکرێ و ئیتر یان دەبێ دەست بەرز بکاتەوە و مل بنێ بۆ بریارە نێودەوڵەتییەکان ، یان شەڕی خۆکوژی هەڵبژێرێ بۆ خۆی کە بە بەزین و تیاچوونی خۆی کۆتایی دێت . دوای ئەم هەنگاوە ئەگەر ئێران ملی نەنا بۆ پێشنیارو بریارەکان ، ئەوا هەنگاوی دووەم دەستپێدەکات کە برێتییە لە سزادانی ئابووری وەکو دابڕینی ئێران لە سیستەمی ئابووری نێودەوڵەتی و دەوروخولدانی پارەوپوولی بەرپرس و گەورەپیاوان و کومپانییە گەورەکان و داخستنی حساباتی حکومەتی ئێران و وەستاندنی هەموو مامەڵەیەکی ئابووری لەگەڵیدا و ڕێگەگرتن لە قەرزپێدانی ئێران بۆ ئەو پرۆژانەی دەرژێنە بەرژەوەندی ئەوەوە ، هەروەها هەڵگوشین و گەمارۆدانی ئەو لە هەموو ڕوویەکی تری ئابوورییەوە و ڕێگرتن لە ڕەوانەکردنی تەکنۆلۆژیای جۆراوجۆر بۆیان.

دووەم / هەموو دنیا قەبوڵی ئەوە بکات ئێران بەردەوام بێت لە پیتاندنی یۆرانیۆم بە پێی چەند مەرجێکی دیاریکراوی نێودەوڵەتی کە ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ( بە تایبەتی ڕوسیاو چین ) پێی ڕازی بن و لەوێوە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران کۆنترۆڵ بکەن و رێگە نەدەن بەکار بهێنرێ بەمەبەستی دروستکردنی چەکی ئەتۆمیی . بێگومان ڕوسیاو چین کە بەشێکی گرنگی ململانێکەن لەگەڵ ئەمەریکادا ، هەتا ئێستا چەند جارێک داوایان لە ئێران کردووە کە ڕێز لە بریارە نێودەوڵەتییەکان بگرێت و چارەسەری دیپلۆماسییانەی قەبوڵبێت و پیتاندنی یۆرانیۆم ڕابگرێت . ئێرانیش بەدووری مەزانە لەلای خۆیەوە دوای پێشنیارەکانی ڕوس و چین بکەوێت و پاشەکشە بکات و بریارە نێودەوڵەتییەکانی قەبوول بێت و داوابکات بەرامبەر بەوە ئەمەریکا لێیگەرێ و دەست نەخاتە کاروباری ناوخۆی ئەوانەوە و هێزی سەربازیی بەکار نەهێنێت دژی ڕژێمی ئێران .

پرسیارەکە ئەمەیە : ئایا ئیسرائیل و ئەمەریکا بەم دووعایە دەڵێن ئامین و بڕوا بە حکومەتی ئێران دەکەن بێوەی دابنیشێ و ددان بە ئیسرائیلدا بنێت و لەدژی تیرۆری نێودەوڵەتی بێت و خۆی هەڵنەقورتێنێ لە لەکاروباری ناوخۆی ئیسرائیلدا و ڕێکخراوەکانی وەکو حەماس و جیهاد و حزبوڵڵا پڕ چەک وپارە نەکات و جێپێی دەوڵەتی لیبیا هەڵگرێ و لاپەڕەیەکی نوێی پەیوەندی لەگەڵ ئەمەریکاو دەوڵەتانی هاوپەیمانی ئەو بکاتەوە و پەیوەندییە ئابووری و بازرگانی و دیپلۆماسییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمەریکادا گرێبداتەوە ؟!!

ئەگەر کارەکان بەم ئاقارەدا ڕۆیشتن ، مانای ئەوەیە ئەمەریکا توانیوێتی ڕوسیا و چین بە لای خۆیدا ڕابکێشێ و دۆسێی ململانێی نێوان خۆی و ئەوان بپێچێتەوە و ڕێز لە بەرژەوەندییەکانی هەردوو ڕوس و چین بگرێت و کێشەکەش کۆتایی پێبهێنێ .

سێیەم / هەڵگیرساندنی جەنگە لە دژی ئێران کە دوایین چارەسەرە و ئیتر یان بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی و بەتێکڕای دەنگ دەبێت ( پاشئەوەی هەموو هەوڵە سیاسی و دیپلۆماسییەکان سەرکەوتن بەدەست ناهێنن ) ، یاخود بە پشتکردنە ڕوسیا و چین ئەنجام دەدرێت .

پێشەکی دەمەوێ بڵێم جەنگ یاخود شەڕ مانای شایی وزەماوەند و گەشت وسەیران نابەخشێ ، شەڕ مانای کاولکردن وخاپوورکردنی ئەو وڵاتەیە کە لێی بەرپادەبێ ، تیاچوون و ڕشتنی خوێنی هەزاران کەسە ، واتە زیانی ماڵیی وگیانیی زۆروزەبەندە ، هەموو ئەو وڵاتانەی ڕێگەی جەنگیان بۆ خۆیان هەڵبژارد ، بە زەرەروزیان و ماڵوێرانییەکی زۆر لێی هاتنە دەرەوە . ئێران و عێراق هەشت ساڵی ڕەبەق ئاگروئاسنیان ڕژاند بەسەر یەکدا ، کەچی هیچ کامێکیان بە سەربەرزی لە شەڕەکە نەهاتە دەرەوە .

ئەمەریکاو لوبی جولەکە ، کە لەمێژەوە پەلەیانە ئێران تەمێبکەن و دەستێکی لێبوەشێنن ، دەیانەوێ زانیاری وردیان دەست بکەوێت سەبارەت بە توانای سەربازیی ئێران و ئەو چەکانەی بەکاری دێنێت لەکاتی هێرشەکەدا ـ ئەگەر کرا ـ هەردولا زۆر بەچاکی لەوە گەیشتوون ( هەڕەشەو جەنگ ) مانای چییە ، دەزانن هەڕەشەو پەلاماردانی هەر وڵاتێک باجی خۆی هەیەو دەبێ خۆیانی بۆ ئامادەبکەن . دەزانن لێدانی ئێران هاسانە ، بەڵام بەڵگەی زیندوو لەبەردەستدا نییە و گەرەنتیش نییە کەسەرکەوتن بەدەست دێنن و بەسەلامەتی و بێ زیان لێی دێنە دەرەوە و ئاکامی خراپی لێناکەوێتەوە . ئێرانیش دەزانێ ئەگەر لێی بدرێت زەرەری زۆری لێدەکەوێت و بەشێکی زۆر لەوڵاتەکە وێراندەبێت . بۆیە ئەمە خاڵێکی هاوبەشی هەردولایانە .

ئەگەر ئەمەریکا و لوبی جولەکە جەنگەکە هەڵگیرسێنن ، دەبێ پەنابەرنە بەر هێزی ئاسمانی و خۆیان لە هێرشی سەر زەوی دووربخەنەوە ، ئەوکاتەش سەرکەوتن بەدەست دێنن کەلە یەک کاتدا واتە 24 کاتژمێر لە 500 ـ 600 ناوەندی ستراتیژی و ئابووری و سیاسی ئێران بدەن و تووشی ئیفلیجبوونی بکەن بۆئەوەی نەتوانێ لەسەر قاچی خۆی بوەستێ و دەست بوەشێنێت . ئایا ئەمەریکا ئەمەی پێدەکرێت ؟ ! ، خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو ، واتە نەیانتوانی ئەو ئامانجانە بپێکن ، ئەوا دەبێ ئیسرائیل و ئەمەریکا پێشبینی ئەمانەی لای خوارەوە بکەن ئەگەر هێرشیانکرد ، چونکە ئێران دەستەوسان ڕاناوەستێت لەکاتی پەلاماری ئەوان بۆ سەر وڵاتەکەیان :

- لێدانی ئیسرائیل و هەموو ئەو شوێنانەی بەرژەوەندی ئەمەریکای لێیە بە ڕاکێت یان شێوازی سەربازیی تر .
- لێدانی کەشتیە جەنگی و بارهەڵگرەکانی کەنداو بەتایبەتی هی نەوت .

- بەکارهێنانی هێزی زەمین لە لایەن ئێرانییەکانەوە لەگەڵ میلیشیای چەکداری زۆرو زەبەند بۆ پەلاماردانی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و قەتەر و وڵاتانی تری کەنداو و داگیرکردنی هەندێک لەو وڵاتانەو پەنابردنەبەر شەڕی خۆکوژی و دەستەویەخە .
- لێدانی کانە نەوتەکانی عێراق ، سعودیە ، کوێت و وڵاتەکانی تری کەنداو کە گەورەترین کێشەی ( وزەی ) لێدەکەوێتەوە لە هەموو جیهاندا و ڕەنگدانەوەیەکی خراپی دەبێت لەسەر باری ئابووری ئەوروپاو دنیا .
- چەکدارکردنی هێزەکانی حەماس و جیهاد و حزبوڵلا بە مەبەستی پەلاماردانی ئیسرائیل و شەڕخستنە ناو خاکی ئیسرائیلەوە .
- ڕاکێشانی سوریا بۆ مەیدانی شەڕەکە بۆئەوەی بازنەکەی فراوان بکەن و بیکەنە شەڕێکی ڕۆژهەڵاتناوەڕاستیی دژی ئەمەریکاو وڵاتانی تری ئیقلیمیش تێوەبگلێنن .

بەکورتی و بەکوردی ( ئێران ) عێراق و ئەفغانستان نییە و سنوورێکی جوگرافیای فراوانی هەیە کە ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاس دەبەستێتەوە بە خەلیج و وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ، هەروەها تاقیکردنەوەیەکی دەوڵەمەندی هەشت ساڵەیان هەیە لە شەڕی عێراق و ئێراندا و لە مانای جەنگ و برسیکردن و گەمارۆدان و سزانێودەوڵەتییەکان بەباشی گەیشتوون و لە ئێستاوە خۆیانیان بۆ ئامادە کردووە ، دیارە ترسێکیش لە دڵی ئەواندا هەیە بۆیە پاش 27 ساڵ تێپەڕبوون بەسەر شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا ، بۆ یەکەم جار سەرەک کۆماری ئێران ئەحمەدی نەژاد نامە دەنووسێ بۆ سەرۆک بۆش و داوای دانووستاندن و وەڵامدانەوەی لێدەکات .

لەگەڵ ئەوەی ( ئێران ) عێراق و ئەفغانستان نییە و لەوان زیاتری پێیە و زیاتری بێدەکرێت ، لەگەڵ ئەوەی تەکنۆلۆژیای سەربازیی ئەمەریکا و ئیسرائیل و ئەوروپای پێ نییە و لەدوایین جاردا شەڕەکە دەدۆڕێنێ و ئەمەریکا دەیباتەوە ، بەڵام بایی بردنەوەکە کێشەوململامێی نوێ بۆ ئەمەریکا دێنێتە گۆڕێ لە ناوچەکەدا کە بە ـ لاداخستنیان کارێکی هەروا هاسان نابێت ، بۆیە هەتا ئێستایش بۆچوون و سەیرکردن و لێکدانەوەی جیا جیا هەیە لە ناوەندە سیاسییەکانی ئەمەریکادا ، هەروەها ناوەندی دیراساتی ستراتیژی ئەوان سەبارەت بەجەنگ هەڵگیرسان دژی ئێران و تا ئێستایش نازانرێ ڕێگە لە جەنگ دەگرن یان بە پێچەوانەوە ، چونکە سیناریۆی جا جیا هەیە لەم بارەیەوە بەتایبەتی ئێران دەستدرێژی نەکردۆتە سەر هیچ وڵاتێک و بەڵگەش بەدەستەوە نییە کەچەکی ئەتۆمیی هەیە .

دواوتـــــــە

لەدوای کۆتاییهێنان بە شەڕی سارد ، ئەمەریکا وەکوو زلـــهێزێکی یەک جەمسەریی لەخۆباییبوو هاتە مەیدان و بەهۆی ئەوەی هیچ وڵاتێک ڕێگر نەبوو ، جڵەوی سەرکردایەتی جیهانی گرتە ئەستۆی خۆی و توانی یەکەم جەنگی کەنداو هەڵگیرسێنێ و سەددام دەرپەڕێنێ لە کوێت و وڵاتەکە بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکانی . بێگومان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە توانی نەک سەرنجی زلـــهێزەکانی ترو وڵاتانی ئەوروپا و دنیا ، بەڵکوو زۆر لە وڵاتە عەرەبیەکانیش بەلای خۆیدا ڕابکێشێ و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت .

جەنگی ئەفغانستان و دووەمی کەنداو لە دژی ڕژێمی بەغدا کەلەدوای 11/ی سێپتەمبەر ( ئەیلول ) ی 2001 وە دەستی پێکرد ، بەناوی جەنگی دژە تێرور و نەهێشتنی چەکی کۆکوژی هەڵگیرساو

تاڕادەیەک ئەویشیان سەریگرت ، ئەگەرچی بەرهەڵستکاری زۆری هەبوو بەڵام لەدوایین جاردا ئەمەریکا توانی قەناعەت بەوانیتر بکات و کارەکە ئەنجام بدات .
ئەمەی سێیەمیان کەدوور نییە جەنگ دژی ئێران بێت و ئەمەریکاو ئیسرائیل خۆیان بۆ ناوەتەوە بە ناوی ڕێگرتن لە پیتاندنی یۆرانیۆم و بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیی ، وەکوو ئەوەی یەکەم و دووەم نییە و ئەوانیتر بەتایبەتی ( چین و روسیا ) دەیانەوێ ئەمەریکا بوەستێنن و پێی بڵێن ئەمە سنووری تۆیە و ئیتر نابێ لەمە زیاتر مل بنێیت ، بە پێچەوانەوە ئێمە هەمووما‌ن دەگەڕێینەوە بۆ ڕۆژەکانی شەری سارد و دابەشکردنی ناوچەی نفوز ، ئەوەی تۆ هەتە ئێمەیش هەمانە ! تەنها دەمی تۆ نییە کە لیکی پیا دێتە خوارەوە و ئێمەیش دەممان پڕ لیکە و دەبێ حسابمان بۆ بکەیت و لەبەرژەوەندیمان نەدەیت و لەگەڵمان بەشیبکەیت ، ئەگەر نا تۆ زەرەر دەکەیت و ئێمە قازانج . دنیای ئەمڕۆ ئەوەی دوێنێ نییە و ئێمە بە ئاگاین تۆ چیدەکەیت ، ئەگەر دوێنێ چاومان لێپۆشیبیت ، ئەوا ئەمڕۆ نایپۆشین ، برامان برایی و بەرژەوەندیمان جیایی .
ئەوی ڕاستبێت ئەمەریکا چەند ساڵێکە دەیەوێ دیپلۆماسییەتی کاوبۆیانە پیادەبکات لەگەڵ هاوپەیمانەکانی خۆی و تووشی هەڵەی گەورە گەورە بووە و ئێستا لە کۆڵانە تەنگەبەرەکاندا خۆی دەبینێتەوە و دەزانێ گوێی نەداوەتە ئەوانیترو هەر ملی ناوە و بەبێحساب بریاری داوەو دنیای کردۆتە ناحەزی خۆی ، ناکۆکی وململانێ نوێیەکان دژی ئەو هێندە زۆرن و کەڵەکەبوون ، ئەگەر بێتو ئەمەریکا بەخۆیدا نەچێتەوە و ستراتیژی خۆی نەگۆڕێ و حساب بۆ ئەوانیتر نەکات ، ئەوا بە دڵنیاییەوە تەنگی پێ هەڵدەچنن و کێشەی گەورەتری بۆ دروست دەکەن . بۆ نموونە ئیتالیا کە هاوپەیمانێکی دێرینی ئەمەریکایە و ئەندامی ناتۆیە ، سەرەک وەزیری تازەیان رومانو برودی ڕایگەیاند کە هێزەکانیان لە عێراق دەکشێنێتەوە . من بەشبەحاڵی خۆم پێم وایە ئەگەر ئەمەریکا تا ساڵێکیتر گۆڕانێک نەکات لە یەکێک لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، ئەوا هەیبەت و ڕێزوحورمەت و وەزنی سیاسی جارانی نامێنێ و زۆری لێراست دەبێتەوە و زۆریش ڕووبەڕووی دەوەستنەوە ، بەراوردکردنی ئێستای ئەمەریکا لەگەڵ ساڵەکانی پێش شەڕی کەنداو باشترین بەڵگەیە .
تێبینی / لەدوای ئەو هەموو ناکۆکی و ململامێ و شەڕو ئاژاوەی ئێمە بەچاوی خۆمان بینیمان یان دەیبینین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە هەریەکێکیاندا زلـهێزێک یان زیاتری لە دواوەیە و لە دوایین جاردا بە خۆشی بێ یان ناخۆشی ( شەڕ یان ئاشتی ) چارەسەردەکرێن و دەخرێن بەلادا . من ئەم پرسیارەی خوارەوە لە خۆم دەکەم : ئەمەی ڕوویدا شانۆگەری بوو یان چی ؟!!

عارف کەریم ـ ستۆکهۆڵم
2006/05/23